# پێگەی «هەرگی» نووسەر لە ڕوانگەی بارت و فوکۆدا

فاتح سەعیدی
زانستگەی سۆران

وتاری مەرگی نووسەر، کە لەلایان ڕۆلان بارت (١٩١٥-١٩٨٠)ی ڕەخنەگری ئەدەبیی لەساڵی ١٩٦٧دا نووسراوە، بە ئاماژە بە چیرۆکی سارازینی (Sarrasine) باڵزاک دەست پێدەکا، کە تێیدا پیاوێکی خەساو، جلوبەرگی ژنێکی لەبەر کردووە: «لە ڕاستییدا، ئەو بۆخۆی ژنێک بوو، کە فرمێسکەکانی هەر لەخۆڕا دەڕژان، هەوا و هەوەسی نەشیاوی هەبوو، بەشێوەیەکی غەریزیی نیگەران بوو، کتوپڕ بوێر دەردەکەوت، بۆڵەبۆڵی دەگرتەوە و هەستیارییەکی ناسکی هەبوو» (١٩٧٧: ١٤٢). بارت دەپرسێ ئەوە کێیە بەم شێوەیە قسان دەکات؟ ئایا ئەمە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، کە دەیەوێ لەو ڕاستییە چاوپۆشیی بکا، کە ئەمە پیاوێکی خەساوە و لە جلوبەرگی ژنانەدا خۆی شاردووەتەوە؟ ئایا ئەمە باڵزاک بۆخۆیەتی، کە ئەزموونێکی شەخسیی هەیە و سەبارەت بە ژنان بە فەلسەفەیەک گەیشتووە؟ ئایا ئەمە باڵزاکی نووسەرە، کە دەیەوێ بیرە «ئەدەبیی»یەکانی خۆی سەبارەت بە ژنبوون باس بکا؟ ئایا ئەمە بۆچوونێک لەسەر حیکمەتێکی جیهانییە؟ دەروونناسییەکی ڕۆمانتیکە؟ هیچ کات بە وەڵامی ئەم پرسیارانە ناگەین. لە درێژەدا بارت ڕستە بەناوبانگەکەی دەهێنێتەوە و پێمان دەڵێت، کە بۆ ناتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانە بدۆزینەوە: «بەڵگەی شیاو ئەوەیە، کە نووسین بریتییە لە تێکشکاندنی هەر دەنگێک و هەر ئاخێزگەیەک بۆ نووسین. نووسین مەودایەکی بێلایان، ئاڵۆز و چەوتە، کە سووژە تێیدا لە کیس دەچێ، فەزایەکی نەرێنییە، کە هەر جۆرە ناسنامەیەک تێیدا ون دەبێ» (هەمان). بە بۆچوونی بارت ئەو کاتەی نووسەر بەرەو مەرگی خۆی هەنگاو دەنێ، نووسین دەستپێدەکا. بارت، هەر لێرەوەیە دژ بەو ڕەخنە و خوێندنەوانەی دەق دەوەستێت، کە بۆ ئەوەی لە مانای دەق تێبگەین شوێن ناسنامەی نووسەر و شتگەلێک، وەک ڕوانگەی سیاسیی، بەستێنی مێژوویی، ئایین، قەومییەتی نووسەر دەکەون، یان عەودالی هەندێک زانیاریی شەخسیی سەبارەت بە نووسەرن، تا بتوانن لەو ڕێگەوە مانایەکی تر بۆ دەق بدۆزنەوە. ئەم شێوازە هەڵسەنگاندنە، کە لەسەر بنەمای ئەزموون و لایەنگرییەکانی نووسەر وێستاوە، دەبێتە هۆی ئەوەی شرۆڤەیەکی کۆتایی بۆ دەق بکرێ... بە باوەڕی بارت، هەرچەند ڕەنگە ئەم شێوازە هەڵسەنگاندنە ئاسان و لەبەردەستە، بەڵام دەبێتە هۆی ئەوەی مانایەکی دیاریکراو و پێشوەخت بەسەر دەقدا بچەسپێنین و هەر لەم ڕێگەوە سنووری مانابیەکانی دەق دەستنیشان دەکەین. هەر بۆیە خوێنەر دەبێ لە پێناو ئازادیی دەق لە دەست ئەو زۆردارییەی (tyranny)، کە ئەم شێوازە ڕاڤەکردنە هەیەتی، بەرهەمی ئەدەبیی لە خاوەن بەرهەمەکە جیا بکاتەوە. هەر پاژێک لە نووسین، هەڵگری چەندین ئاست و مانای جیاوازە. دەق هێڵێکی ڕاست لە وشەکان نییە، کە تەنیا یەک مانای لاهوتییی هەبێت، (مانایەک، کە لە لایان نووسەر-خوداوە ڕەوانە کرابێت)، بەڵکو فەزایەکی چەند-ڕەهەندییە، کە چەندین جۆری نووسین لەخۆ دەگرێ، کە هیچ کامیشیان ڕەسەن نین و تێیدا ماناکان تێکەڵ بە یەک دەبن و بەر یەک دەکەون. دەق قوماشێک لە گێڕانەوەکانە، کە لە ڕێگەی بێژمار ناوەندی کولتوورییەوە تەنرابێ.

لێرەوەیە، کە بارت دەورێکی گرینگ بە خوێنەر دەبەخشێت و پێی وایە، کە مانای ڕاستەقینەی دەق لای خوێنەرە، نەک ئەوەی حەز و سەلیقەی نووسەر پێکی هێنابێ. بارت، وەک نیشانەناسێک و بە کاریگەریی وەرگرتن لە سۆسۆر، باس لەوە دەکات، کە کتێب تەنراوێک لە نیشانەکانە. کاتێک نووسەر دەسڕینەوە، ئیتر ئەم داخوازییەی، کە دەبێ شفرە و نهێنییەکانی دەق بدۆزینەوە، بێسوود و بایەخ دەبێ. کاتێک نووسەرێک بە دەق دەبەخشین، بەربەستێکمان بۆ دەق ساز کردووە و مەدلوولێکی کۆتاییمان (final signified) بۆ ڕەچاو کردووە، کەواتە لەم ڕێگەوە دەقەکەمان داخستووە. ئەم شێوازە ڕێک بە دڵی ڕەخنەگرەکانە، کە ئەم ئەرکەیان لە ئەستۆ گرتووە، کە دەبێ نووسەر و شێوازی ژیان و بارودۆخی دەروونی ئەو، لە دەرەوەی دەق بدۆزنەوە و کاتێک پەیدایان کرد، ئیتر دەق شرۆڤە کراوە. بارت پێی وایە، کە ئەم شێوازە دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ڕەخنەگر و نابێ سەرمان لەوە سووڕ بمێنێت، کە لە ڕووی مێژوویییەوە فەرمانڕەوایی نووسەر لە هەمان کاتدا فەرمانڕەوایی ڕەخنەگریش بووە و هەروەها نابێ بەلاشمانەوە سەیر بێ، کە ئەمڕۆکە دەبینین پێگەی ڕەخنە لە پێوەندیی لەگەڵ نووسەر ترازاوە. نابێ ئیتر بە شوێن ئەوەوە بین، کە لە ڕێگەی نووسەرەوە نێهنییەکانی نووسین بدۆزینەوە، پێکهاتەی نووسین دەتوانێ لە هەر ئاستێکدا درێژ بێتەوە و هەر ڕێک بەم شێوەیە ئەدەبیات (وا باشترە بڵێین نووسین) بە خۆپاراستن لەوەی، کە نهێنییەک بۆ دەق ڕەچاو بکا و مانایەکی کۆتایی بە دەق (هەروەها بە جیهان وەک دەق) ببەخشێت و هەر شتێک، کە دەتوانێ وەک چالاکییەکی دژەلاهوتیی سەیر بکرێ، لە دەق ئازاد دەکا. ئەم چالاکییە بەڕاستیی شۆڕشگێڕانەیە، چونکە مانایەکی دیاریکراو ڕەتدەکاتەوە و لە دەرەنجامدا دەبێتە هۆی ئەوەی خودا و دەرکەوتەکانی ئەو لە عەقڵ، زانست و یاسادا ڕەت ببێتەوە. ئێستا ئەگەر بۆ چیرۆکەکەی سەرەوەی باڵزاک بگەڕێینەوە و دیسانەوە بپرسین، کە کێ ئەو قسانەی کردووە، دەبێ بڵێین، کە پێگەی ڕاستەقینەی نووسینەکە لە سەرچاوە و نووسەردا نییە، بەڵکو دەبێ لە خوێنەردا بۆی بگەڕێین. نووسەر جێگەی خۆی بە خوێنەر دەدات و لە جیاتی ئاوڕدانەوە لە سەرچاوەی نووسین، ئەوا لەمەوبەدوا خوێنەر، وەک دواقۆناغی نووسین گرینگ دەبێت. بەم گوێرەیە، خوێنەر ئیتر شەخسێکی تایبەت نییە. خوێنەر مێژوو، ژیاننامە و دەروونناسییەکی تایبەتی نییە، هەر بۆیە، بەپێی ئەوەی لە چ کولتوورێکدایە ناوەندە جۆراوجۆرەکانی مانا لە دەقدا ساز دەبێ. ڕەخنەگرتنی کلاسیک هیچ کاتێک ئاوڕی لە خوێنەر نەداوەتەوە. بۆ ئەم شێوازە لە ڕەخنەگرتنە تەنیا یەک کەس، کە ئەویش نووسەرە بوونی هەیە. لە درێژەی ئەم باسەدا بارت بە ڕستە بەناوبانگەکەی وتارەکە کۆتایی دێنێت. ڕستەیەکی شۆڕشگێڕانە، کە داواکارییەکی ڕوونی هەیە: «بۆ ئەوەی نووسین دواڕۆژێکی هەبێت، دەبێ ئوستوورەکە هەڵبگەڕێنینەوە: لەدایکبوونی خوێنەر دەبێ بە بەهای مەرگی نووسەر بێت» (هەمان: ١٤٨). دوو ساڵ دوای ئەم وتارەی بارت، میشێل فوکۆ (١٩٢٦-١٩٨٤) لە

٢٢ فێبریوێری ١٩٦٩، بابەتێک لە کۆلێژ دو فرەنس بە ناوی نووسەر چییە؟ پێشکەش دەکات (فوکۆ، ١٩٧٧). هەرچەند لەم وانەی فوکۆ، کە دوایی وەک وتار چاپ بوو، ناوی بارت ناهێندرێت، بەڵام زۆر کەس پێیان وایە، کە فوکۆ ویستوویەتی بە شێوەیەک وەڵامی بارت بداتەوە. زۆر جار فوکۆ و بارتیان، وەک پێکهاتەخواز پێناسە کردووە و ئەم وتارەش، وەک یەکێک لە بەرهەمەکانی قۆناغی یەکەمی بیرکردنەوەی فوکۆ ئەژمار دەکرێ، هەرچەند دواتر فوکۆ پێی وابوو، کە چیدی ئەو بیرمەندێکی پێکهاتەخواز نییە. لە هەمان سەرەتای وتارەکەی فوکۆوە دیارە، کە دەیەوێ بەشێوەیەک هەندێک چەڵەمە لەسەر ڕێگەی بیری بارت دابنێ و هەر لە دەسپێکەوە ئامانجی خۆی لەم وتارە باس دەکا، کە ئەو نایەوێ شیکارییەکی کۆمەڵایەتیی – مێژوویی لە نووسەر بە دەستەوە بدات، بەڵکو تەنیا مەبەستیەتی، کە پێوەندیی دەق و نووسەر نیشان بدا و چۆن دەق ئاماژە بە ڕووخساری ئەو نووسەرە دەکات، کە بەڕواڵەت وا دەردەکەوێ، کە «پێشتر و لە دەرەوەی» دەقدایە. دیارە فوکۆ حەزی لە پێچوپەنا نییە و هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ هەموو ڕیسەکە لە بارت بکاتەوە بە خوری! فوکۆ، بە هێنانەوەی وتەیەک لە سامۆیەل بێکێت (١٩٠٦- ١٩٨٩)، کە لە کتێبەکانی دەقەکان بۆ هیچدا هاتووە قسەی سەرەکیی خۆی دەست پێدەکات: «کەسێک وتی: چ گرینگییەکی هەیە، کە کێ قسە دەکا؟» فوکۆ پێی وایە ئەم بێدەربەستییە، وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکانی نووسینی هاوچەرخە، هەرچەند لە هیچ کاتێکدا بەتەواوی بەکار نەهاتووە. واتە فوکۆ لەم ڕێگەیەوە دەیەوێ بڵێ ئەو باسەی، کە بارت کردوویەتی هیچ کە نوێ نییە، بەڵکو هەروەها بەباشیی شی نەکراوەتەوە و تەنانەت لە کاتێکدا، کە پێشتر ئامانجی بەرهەم ئەوە بوو، کە بیمەرگیی بخولقێنێت (وەک نموونەکەی شەهرزاد لە چیرۆکی هەزار و یەک شەو)، بەڵام لە ئێستادا ئەو مافەی پێدراوە، کە نووسەرەکەی وەک کافکا و پرۆست بکوژێ. ئەم باسانە لە ڕوانگەی فوکۆوە نوێ نین و هەرچەند ویستوویانە لەم ڕێگەوە پێگەی چۆڵی نووسەر بە شێوەیەک پڕ بکەنەوە، بەڵام وادێتە بەرچاو، کە زیاتر تایبەتمەندییە پێشووەکانیان هێشتووەتەوە و مانا ڕاستەقینەکە شاردراوەتەوە. لە ڕێگەی ئەم پێشەکییەوە، فوکۆ دەڕواتە ناو ئەو باسەکەی، کە خۆی وەک کارکردی نووسەر {فانکسیۆنی نووسەر؛ Author function} پێناسەی دەکات. سەرەتا فوکۆ دەڵێ، کە هەمووان لەگەڵ ئەم تێزەدا ئاشنان، کە ئەرکی ڕەخنەگرتن نە ئاشکراکردنی پێوەندیی بەرهەم بە نووسەرەوەیە و نە سەرلەنوێ سازکردنەوەی هەندێک فکری نووسەر و ئەزموونەکانی. بەڵکو ئامانجی ڕەخنەگرتن، شیکاری بەرهەم لە ڕێگەی سەرنجدان بە پێکهاتە، مێعماریی و فۆرمەوەیە. بەڵام لێرەدا کێشەیەک ساز دەبێت، کە ئەی بەرهەم بۆ خۆی چییە؟ ئەم یەکگرتووییە غەریبەی، کە لە دووتوێی بەرهەمێکدا دەیبینین لە کوێوە هاتووە؟ ئایا بەرهەم هەر هەمان شتە، کە نووسەر نووسیویەتی؟ فوکۆ بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک باسەکەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: ئایا ئەو کاتەی مارکی دوساد نەناسراوبوو و کاغەزەکانی لە

ڕێگەی زیندانەوە بۆ دەرەوە دەنارد، ئایا ئەوانە بەرهەم بوون؟ ئایا دوای ئەوەی، کە پەسەند کرا کەسێک نووسەرە، ئیتر هەرچی نووسی و وتی، بە بەشێک لە بتیۆریی. بۆ نموونە کەسێک، کە دەیەوێ بەرهەمەکانی نیچە چاپ بکا، تا کوێ دەبێ بڕواتە پێشەوە؟ گومان لەوەدا نییە، هەموو شتێک دەبێ چاپ بکرێ. بەڵام «هەموو شتێک» چییە؟ بەدڵنیاییەوە هەر شتێک، کە نیچە بۆخۆی چاپی کردووە. هەروەها دەستنووسەکانی دەبێ چاپ بکرێنەوە. ئەی ئەو گەڵاڵانەی، کە بۆ قسە نەستەقەکانی دایڕشتبوون؟ بەدڵنیاییەوە با چاپ بکرێن. ئەی ئەو یادداشتانەی، کە لە پەراوێزدا نووسرابوون و هەندێکیشیانی سڕیبووەوە؟ ئەوانیش با چاپ بکرێن. ئەی ئەگەر هەندێک یادداشتی نووسیبوو، کە دواتر فلانە سەرچاوە سەیر بکا و جلەکانی لای بەرگدروو لەو ڕێکەوتەدا وەربگرێتەوە؟ ئایا ئەمانەش بەشێک لە بەرهەمەکانین، یان ئەگەر نین بۆ نین؟ چۆن دەکرێ لە نێوان چەند ملیۆن نیشانەدا، کە نووسەر لە دوای مەرگی خۆی بەجێی دەهێڵێ، بزانین، کە «بەرهەم» چییە؟ (فوکۆ: ١١٨-١١٩)

لە درێژیی باسەکەدا، فوکۆ هەوڵ دەدا زیاتر مەبەستی خۆی لە تێگەی کارکردی نووسەر نیشان بدات. سەرەڕای ئەوەی، کە نەبوونی نووسەر ڕێک هەمان شێوازی ئایینییە، کە تێیدا دەوترێ کتێبە ئاسمانییەکان نووسەریان نییە و هەمیشە هەرماو دەمێننەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەگەر بۆ نموونە بۆمان دەربکەوێت ویلیام شێکسپیر (١٥٦٤-١٦١٦) لەو ماڵەیدا، کە ئێستا بووەتە مۆزەخانە لەدایک نەبووە، هیچ لە کارکردی نووسەر ناگۆڕێت؛ بەڵام ئەگەر بۆمان دەربکەوێ، کە شێکسپیر غەزەلەکانی خۆی نەنووسیوە، ئیتر ئەمە گۆڕانکارییەکی گرینگ و واتادارە. تەنانەت ئەگەر بتوانین نیشانی بدەین، کە یەک کەس بەرهەمەکانی شێکسپیر و فرانسیس بەیکەنی (١٥٦١- ١٦٢٦) نووسیوە و بیسەلمێنین، کە شێکسپیر کتێبی ئەرغەنونی (Organon) نووسیوە، بەرەوڕووی گۆڕانکارییەکی نوێ دەبینەوە و کارکردی ناوی نووسەر یەکسەر دەگۆڕدرێت. کەواتە ناوی نووسەر تەنیا ناوێکی تایبەت، وەک ناوەکانی دیکە نییە، [هەر وەک چۆن لە سەتەی نۆزدەیەمدا پێیان وابوو، کە بەشێک یان هەموو شانۆکانی شێکسپیر، بەیکەن نووسیویەتی!].

لە ڕوانگەی فوکۆوە، مۆدێرنیتە نووسەری لە پەراوێز دەرهێناوە و کارکردێکی بەرهەمێنەری پێبەخشیوە، لە دوای سەردەمی ڕۆشنگەرییەوە مەسەلەی کۆپی ڕایت [مافی نووسەر]، وەک بەشێک لەو گۆڕانکارییانەی، کە لە سروشتی کۆمەڵگەی مۆدێرندا (ئازادیی تاکەکەسیی، خاوەندارێتیی تایبەت و ئابووریی بازاڕ) ڕوویدابوو، گرینگییەکی تایبەتی پێدرا. فۆکۆ هەر لە ناوی وتارەکەیەوە نایەوێ باس لە کێیەتیی نووسەر بکا و نەیپرسیوە، کە نووسەر کێیە؟ بەڵکو بە گرینگیدان بە چییەتی نووسەر دەیەوێت بە تیشکخستنەسەر باسی کارکردی نووسەر پێمان بڵێ، کە سڕینەوەی نووسەر هیچ، کە ئاسان نییە، ئەی دوای ئەوە دەبێ لەگەڵ ئەو بۆشاییە چبکەین؟ چونکە بە باوەڕی ئەو، دەوری نووسەر پێوەندیی بەو گوتارەوە هەیە، کە نووسەر تێیدا سەری هەڵداوە، گوتاری ئەدەبیات

لەسەر بنەمای کارکردی نووسەرە، ئەگەرنا بۆ نموونە ئەگەر باس لە گوتاری ئابووریی بکەین، دەقی گرێبەستێک، یان نامەیەکی ئیداریی واژۆکاری هەیە، بەڵام نووسەری نییە. لە کۆتاییدا فۆکۆ ئاماژە بەوە دەکا، کە نووسەر تەنانەت پێگەیەکی سەرووگوتاریشی (transdiscoursive) هەیە، کەسێکی وەک ئەریستۆ تەنیا نووسەری ئەو کتێبانە نییە، کە خستوویانەتە پاڵ ناوی ئەو، بەڵکو لە ڕێگەی ڕێبازی فکری خۆیەوە کاریگەریی لەسەر گوتاری فەلسەفەی مەسیحیی و ئیسلامیی، فەلسەفەی سیاسیی و تەنانەت شێوازی حکومەتداریی داناوە. هەروەها بیرمەندانێک وەک فرۆید، مارکس و نیچە تەنیا نووسەر نین، بەڵکو دامەزرێنەری گوتارن.

***

سەرچاوە

The Death of the Author.» In Image, Music, Text, by» .١٩٧٧ .Barthes, Roland
.London: Fontana Press .٤٨-١٤٢ ,Roland Barthes, translated by Stephen Heath

What is an author?» In Language, Counter-Memory,» .١٩٧٧ .Foucault, Michel
Practice: Selected and Interviews, by Michel Foucault, edited by Donald F. Bouchard,
New York: Cornell .١٣٨-١١٣ ,translated by Donald F. Bouchard and Sherry Simon
.University Press